بارووی ژمارەی 17 ئاووریلی 2003
له فارسییه‌وه وه‌رگێڕاوه

سه‌ركه‌وتن له شه‌ر، شكست له ئاشتی

له كۆتایی هه‌فته‌ی سێهه‌می شه‌ڕ، له‌شكری ئامریكا به‌غای داگیر كرد. به گوێره‌ی هێنده راپۆرت، له‌شكری ئه‌مریكا، كاتی ئاماده كردنی شه‌ڕی نێوشار له به‌غا، له ماوه‌یك پێشتره‌وه پێوه‌ندێكی نزیكی له گه‌ل له‌شكری ئێسرائیل گرتبوو تا له ئه‌زموونه‌كانی ئێسرائیل له كه‌ناره‌ی رۆژئاوا و هه‌رێمی غه‌زه، به تایبه‌ت له ئه‌زمۆونه‌كانی نویی ئێسرائیل له جه‌نین كه‌لك وه‌ربگرێت. به‌غا، به‌ڵام بێ هیچ به‌ره‌نگارییێك داگیركرا و كه‌وتنه‌خواری په‌یكه‌ری نێوخالی سه‌دام حۆسێه‌ن بوو به ره‌مزی كۆتایی رێژیمی به‌عس. گێره‌وكێشه‌ی سه‌ربازی ماوه‌یك درێژه‌ی ده‌بێت، به‌لام ئامانجی سه‌ربازی شه‌ر هه‌ر له ئیستاوه به‌دی هاته‌وه.

له روانگه‌ی سه‌ربازیه‌وه ئاشكرایه كه سه‌ركه‌وتنی ئامریكا له ئه‌م شه‌ره به هه‌لكه‌وت نه‌بوو؛ چۆن ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر تا سێ رۆژ به‌ر له هه‌وه‌ڵین ته‌قه‌ی شه‌ر، تاقمی بازره‌سانی رێكخراوه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان خه‌ریكی نابوود كردنی مووشه‌كه‌كانی عێراقی نه‌بوایه، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به كووژرانی سه‌دهه‌زار سه‌ربازی عێراقی له شه‌ری ئه‌مریكا له كه‌نداوی فارس دا، هێزی سه‌ربازی عێراق لاواز نه‌بوایه، و ئه‌گه‌ر دوانزه سال گه‌مارووی تۆجاری – ئابووری، عێراقی وێران نه‌كردایه، هێشتا بۆ هه‌ر خاوه‌ن بیرێكی سه‌ربازی روون بوو كه ئه‌مریكا به هۆی ده‌سه‌ڵاتی هه‌ڵنه‌سه‌نگاوی چه‌كدارانه‌وه سه‌ر ده‌كه‌وێت. به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌مه، زوربه‌ی شیكاران، ته‌نانه‌ت له میدیا به‌رێزه ده‌سته راسته‌كانی ئه‌مریكا، نێگه‌رانی خۆیان ده‌ربریوه كه "ئه‌مریكا شه‌ری به‌رده‌وه‌ته‌وه به‌ڵام له‌وانه‌یه ئاشتی به‌دۆڕێنێ". مه‌به‌ستیان ئه‌مه‌یه كه ئامریكا بۆ به سه‌ركارهێنانی ده‌وڵه‌تێكی ده‌ست نیشانده‌ی خۆی له عێراق له گه‌ل دژواری جدی روبه‌رووه.

بێ گۆمان پێك هێنانی ده‌وڵه‌تێكی ده‌ستنیشانده‌ی ئه‌مریكا له عێراق ته‌نیا یه‌كێك له ئامانجه سیاسیه‌كانی ئه‌مریكایه. به‌لام ئه‌مریكا خۆی ته‌نیا به ئه‌م ئامانجه و ته‌نانه‌ت به درووست كردنی ته‌ناسۆب قه‌وای تازه له ناوچه (كه به‌رژوه‌ندی فراوانی ده‌وڵه‌تی ئێسته‌ی ئێسرائیلی تێ دا بێت) نابه‌ستێته‌وه. له گێره‌وكێشه‌كانی دیپلۆماتی به رێ خستنی شه‌ر، بۆ هه‌موان ئاشكرا بوو كه ئامانجی نیزامی ئه‌مریكا له عێراق، هه‌موو په‌یوه‌نده نیونه‌ته‌وه‌یه‌كان ده‌گرته‌به‌ر. بنه‌مای مێژوویی و ئابووری سه‌رهه‌ڵدانی سیاسه‌تی جیهانی تازه‌ی ئه‌مریكا، ئامانجه‌كانی ئه‌مپریالیستی ئه‌م سیاسه‌ته تازه‌یه و بنه‌مای ماددی سه‌ركه‌وتن و شكستی ئه‌م سیاسه‌ته‌مان له ژماره‌كانی پێشوی باروو، خسته به‌ر لێكۆلینه‌وه.(1)

لێكۆلینه‌وه‌ی ئه‌م نوسراوه تایبه‌ته به كێشه‌ی عیراق. به‌ڵام له پێشه‌وه ده‌بێ بڵێم كه له ڕوانگه‌ی شیكاره‌كانه‌وه دژواری ئه‌مریكا له پێكهێنانی ده‌وله‌تی داهاتووی عێراق له نیهایه‌تی خۆی دا بێ بنه‌مایی ماددی سیاسه‌ته‌كانی ئێمپریالیستی ده‌وڵه‌تی ئێستای ئه‌مریكا له جیهانی هاوچه‌رخ نیشان ده‌دات. بێ بنه‌مایی ماددی جیهانی ئه‌مریكا، ده‌بێ به هۆی ئه‌وه كه سیاسه‌تی ئه‌مریكا له هه‌ر هه‌نگاوێك دا، ته‌نانه‌ت به دوای سه‌ركه‌وتن له شه‌ڕ، به هه‌لومه‌رجێكی دژوارتر و ته‌نانه‌ت دژ به یه‌ك رووبه‌روو ببێت. ئاوایه كه ئێستا له دوای سه‌ركه‌وتنی سه‌ربازی له عێراق، ئامریكا سیاسه‌تی شه‌ر به شێوازێكی تر له قۆناغی ئاشتی ده‌گرێته‌به‌ر. ڕه‌نگه له قۆناغی ئاشتی له عێراق، ده‌ۆڵه‌تی ئه‌مریكا زیاتر له قۆناغی شه‌ڕ پێویستی به ئه‌زموونه‌كانی سه‌ربازی ئیسرائیل له ناووچه داگیركراوه‌كان دا بێت.

له رۆانگه‌ی ده‌ۆڵه‌تی ئه‌مریكاوه ئاشكرایه كه ده‌بێ داگیركردنی سه‌ربازی عێراق تا پێكهێنانی ده‌ۆله‌تێكی عێراقی سه‌ر به ئه‌مریكا، درێژه‌ی بێت. كاربه‌ده‌ستانی جۆراوجۆری ئه‌مریكا به‌راوردی جیاواز بۆ ماوه‌ی داگیركردنی سه‌ربازی عێراق

بەدەست دەدەن. خۆشبینەکان یەک سال، واقعبینترەکان سێ سال، هێندێکیان پێنج سال، تەنانەت دەستەیێکیش دە سالیان بۆ ئارام بوونەوەی باروودۆخ بە پێویست زانیوە. پرۆپاگاندای ئەمریکا بەڵام هێشتا قسە لە دامەزرانی دەوڵەتێکی دۆمۆکراتی بۆ عێراق دەکا، هەر چەن کاربەدەستانی ئەمریکایی ئێستا رۆشنتر دەلێن کە پێکهێنانی ئاوا دەوڵەتێ لە باشترین حالەت دا مۆدێلێک دەبێت وەکو لوبی جەرگە و دەوڵەتی کەرزای لە ئەفغانستان. هەڵبەت داسەپاندنی ئاوا دەوڵەتێک بە ناوی "دەوڵەتی دۆمۆکراتیک" بە سەر عێراق و بە سەر بیرورای جیهانی، کێشەیێکی گەورە بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا درووست ناکات. چۆنکو ئایدۆلۆگەکان، زانکۆیەکان، ژۆرنالیستەکانیان، هاورپی دڵخوازانەیێ رۆشنبیرانی خۆفرۆش و بەتایبەت هاوکاری نۆکەرانەی بەشی گەورەی هێزە ئۆپۆزیسیونەکانی عێراق، ئەم کارەیان بۆ ئاسان دەکاتەوە (هەر ئاوا کە لە ئەفغانیستان ئەنجام درا). کێشەی سەرەکی ئەمریکا ئەمەیە کە لە بارووددۆخی ئیستادا، خۆدی پێکهێنانی دەوڵەتێک لە عێراق واتە خۆدی درووست کردنی دام ودەسگایێک کە توانایی بە رێوەبردن و کۆنتۆرۆلی کۆمەلگای بێت، زۆر دژوار دێتە بەر چاوو.

لە قسەوباسەکانی ژورنالیستی، ئەم کێشە تا رادەی، دۆزینەوەی کەسەیێکی بەئۆتۆریتە وەکوو حەمیدکەرزای لە "قحت والرجالی" ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، دێتە خوارەوە. بەڵام لە کۆمەڵگای عێراق جیاوازیی قەوم، ئایین و ناوچە ریشەی قوولی کۆمەلایەتی و مێژوویی هەیە. راستییەکە ئەمەیە کە بناغەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ گۆرینی رێژیم و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەر بە ئەمریکا لە عێراق، بە سەر قوولتر کردنی ئەم جیاوازیانە بووە و هەیە. ئەم حەقیقەتە ناتەبایی سەرکەوتنی سەربازی ئامریکا و کێشەی ئامریکا بۆ پێک هێنانی دەوڵەتێکی خۆراگر لە عێراق، روون دەکاتەوە.

2

لە ماوەی دەسەڵاتی هەفتا سالەی عێراق بە دوای سەربەخویی، دەولەتی مەرکەزی بو پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، جیاوازی نەتەوەیی و ئائینی و ناوچەییەکانی بە هێزی زۆر و ئیستیبداد، حەشارداوەتەوە. لە روانگەی مێژوویی یەوە ئەم جیاوازیانە میراتی رووخانی ئێمپراتووری عوسمانی لە کۆتایی شەری یەکەمی جیهانی بوون (هەر وەها کە میراتێکی تری ئێمپراتووری عوسمانی، جیاوازیی نەتەوەیی و ئائینی لە بالکان بووە کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام بووەتە هۆی ئالۆزی باڵکان و بۆ وێنەش هەر لە ئەم دهەی رابردووەدا بوو بە هۆێ جیایی یوگۆسلاویا). وڵاتی عێراق کە بە دوای شەری یەکەمی جیهانی لە تەرکیبی چەند هەرێمی پێشووی عوسمانی درووس کرا، لە دەورەی کۆرتی ئیستعماری رەسمی بریتانیا (1920-1932) بوو بە خاوەن دەوڵەتێکی پێشکەوتووی مەرکەزی. بەڵام دەوڵەتی مۆستەعمیراتی بۆ بەرێوە بردنی کاروباری عێراق، هەر بە هەمان شێوەی ئاسایی ئیمپراتوری بریتانیا، کەلکی لە شێخەکانی قەبایل و کاربەدەستانی ئائینی کە بەرەو نەمان دەچوون، وەرگرت. ئەم شێخانە و کاربەدەستانە خاوەنی ئۆتۆریتەی دابونەریتی کۆن بوون. بریتانیا بە تایبەت بە بەخشینی مالکیەتی زەویە مۆشاعەکان بە شێخەکان، ئەم ئۆتۆریتەیەی بە هێز کرد و بە کاری هێنا. هەر وەها بۆ فیسەل ( سەرۆک عەشیرەیک لە حێجاز کە لە شەر بەرانبەر بە عوسمانی لە گەل هێزەکانی بەریتانیا و "لارەنسی عەرەبستان" هاودەس بوو) پادێشاهی عێراقیان دامەرزاند. بە ئەم جۆرە دابەش کردنی نەتەوەیی و ئائینی پێشوو، ژیانی تازەی پەیدا کرد و لە نێو جەستەی دەوڵەتێکی مۆدێرندا، چاندرا. دوای سەربەخویی بە تایبەت لە دهەکانی 1950 و 1960، گەشەی ناسیونالیسمی عەرەب، خالێکی تازەی بە بەرگرەکانی یەکپارچەیی کۆمەلگای عێراق زیاد کرد، ئێستە ئەم گەشەیە چ بە خەیالی پان عەرەبیستی پێک هێنانی ولاتێکی گەورەی عەرەبی بوو بێت و یان بە دەرکردنی نەتەوە غێرە عەرەبەکان (بە تایبەت کووردەکان) لە ئاوا پرۆژەیێک دا. دەوڵەتە کۆدەتایەکانی یەک لە دوای یەکی دهە 1960 بەش بە حالی خۆیان رۆلی پەیوەندی دابونەریتی کۆنیان بە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا، زیادتر دەکرد. گەرچی ئەم دەوڵەتانە سەرەرای هەستی توندی ناسیونالیستی عەرەبی تەنیا بە پالپشتی ئەمەگی حزم و عەشیرەت شانسی مانەوەیان پەیدا دەکرد.

www.kurdistannet.org

له ئاستی ئابووری، گەشەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری سەنعەتی لە عێراق کە لە دهە 1950 بە شێوەیکی جدی دەستی پێ کردەبوو، لە دهە 1970 گەشەی یەک جاری کرد و لە گەڵ خۆی مۆدرنیزاسیونی دەم و دەسگای ئیداری، گەشەی پرورده و فێرکردن ، شارستانییەت و لاواز کردنی پەیوەندە کۆنەکانی، هێنا. بەلام دەوڵەتی بەعس بە پالپشتیی پەیوەندی نەتەوەیی و عەشیرەیی و هاوئائینی، بەردەوامی دیکتاتوری حیزبی خۆیّ (وە بە شێوازێکی بەرفراوان دیکتاتۆری تاقەکەسی) زەمانەت دەکرد. دەوڵەتی بەعس ئەگەر نێوانی لە گەل شێخە خاوەن داب ونەریتەکۆنەکانی عەشیرە ناکۆک بوایە، بە دڵخوازی خۆی دەست نیشاندەێکی تری ئەکرد بە سەرۆکی عەشیرە و ئۆتۆریتەیێکی لار و لەۆیری لە خزمەتی مۆدرنیزاسیون بە شێوەی بەعسی بەرێوە دەبرد. بە ئەم جۆرە بە هەر ڕادەێک کە چەوساندنەوەی سەرمایەداری پەرەی دەگرێت، لە هەمان کاتدا بە سەر زەحمەتکێشانی عێراق، ستەمێکی دووجارەکی دادەسەپا یەکەم ستەمی دەوڵەتی مەرکەزی سەرکۆتگەر و دووهەم ستەمی دەسەلاتی دواکەۆتوانەی دەسەلاتدارە خاوەن دابونەریتە کۆنەکان. فەرق وجیاوازی خستنی نەتەوەیی و ئائینی، لایەنە جۆراوجۆراەکانی تری ئەم ستەمە دووانەی بە سەر خەلکی هەژاری کۆمەلگای زیادتر دەکرد. چینە دارا و بالادەستەکانیش لە کۆمەلگای عێراق، نفوزی سیاسی و داخوازی بەشداربوون لە دەسەڵاتی ئابووری یان لە ڕێگای بەهێزکردنی دەسەلاتی جەماعاتی خۆیان (چ ئائینی، چ عەشیرەیی و چ نەتەوەیی) زیادتر دەکرد و پەرەیان بە هەستی سکتاریستی لە کۆمەلگا و لە ناو زحمەتکێشان دەدا.

لە یەک دوو دهەی ئەم دواییانەدا، ئاماژە بە هۆیێکی تر بو لاواز کردنی یەکپارچەایی عێراق دەکرێت. ئەم هۆیە دەست تێوەردانی ئاشکرا و شاردراوەی دراوسێکانی عێراق بە تایبەت ئیران و تورکیا لە نێو دژایەتییە نەتەوەیی و ئائینیەکانی کۆمەلگای عێراقدایە. لە بارووذۆخی ئێستا ڕاستییەکە ئەمەیە کە دەست تێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ، خۆی هۆیێکی نائارامی لە عێراقە. بەلام پەیوەندی نەتەوەیی و ئائینی ئەم ولاتە دراوسێیانە لە گەل بەشێک لە کۆمەلگای عێراق (ئیران و شێعەکانی عێراق، تورکیا و تورکەمەنەکان)، و بوونی میلەتی بەرفراوانی کوورد لە ئیران، عێراق و تورکیادا، تەوجیهک بۆ دەستتێوەردانی ئەو دراوسێیانە لە گۆرەپانی سیاسەتی عێراق بە دەستەوە نادات. بە پێچەوانە، چۆن کۆمەلگای عێراق بە بۆنەی ڕەۆتی دیاریکراوی ئالوگۆری ئابووری- سیاسی، هرگیز نەێتوانی بە سەر دابەشکردنی مێژووی پێش مۆدرن زال بێ، زەمینەی بەرچاوویی بۆ دەستێوەردانی دەۆڵەتە دراوسێکانی درووس کرد. بە واتەیێکی تر ئیمکانی دەستێوەردانی دەۆڵەتە دراوسێکان خۆی نیشانەی ناکامی عێراقە لە زال بوون بە سەر دابەشکردنی نەتەوەیی و ئائینی و عەشیرەیی.

ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس بۆ پاراستنی ئەم بناغە لەرزانە، تەنیا پەسایێک لە ترس و زۆری ئاشکرای بە ئەم درزانە دەکێشا. هیچ جۆرە ژیانی کومەڵایەتی و سیاسی هاوبەش، جگە لە رووبەروو بوونی گشتی لە گەڵ ڕێژیمێکی سەرکووتگەر، کۆمەلگای عێراقی بە یەکەوە گرێ نەدەدا. بە ڕووخانی ڕێژیمی سەدام ئەم کۆمەڵگا ئەروا تا لە شۆێنی دەرزەکان بتەقێتەوە و بێتە خۆارەوە.

## 3

دەۆڵەتی ئەمریکا لە کاتی ئامادیی سیاسی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سەدام، کەڵکی لە قڵشتە نەتەوەیی و ئائینیکان لە کۆمەڵگای عێراق وەرگرت. ئەم شێوەیە هەڵبەت پێشینەیکی درێژی لە کارکردی ئیمپراتوریە ئیستعماریەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی سەدەی بیستەم دا هەیە، بەڵام بۆ دەۆڵەتی ئەمریکا شێوەیکی تازەیە. بۆ وەێنە لە دەستێوەردانی چەندین کەڕەتی لە ئەمریکای لاتین لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، سیاسەتی ئەمریکا، پشتگری کردن لە ئەو رەوتە سیاسیانە بوو کە ئایدۆلۆژی و پلاتفۆرمی سیاسیان، هەمەلایەنەیە و حیزبی هاوجۆریان لە هەموو کۆمەڵگا مۆدرنەکان پەیدا دەبن (بە گشتی دەستە راستییەکان و هێندە جاریش راستی مەرکەز). لە عێراق و ئەفغانستان (هەروەها بە چەشنێکی لاوازتر لە دوو شەڕی باڵکان لە دە سالەی ئەم دواییەدا) دەۆڵەتی ئەمریکا یکسەرە ڕووی هێناوە دابەشییەکانی پێشمۆدێرنی کۆمەڵگا. ئامریکا بە

www.kurdistannet.org

لای بیروورای گشتی به تایبەت بیروورای ڕۆژئاوا، کارەکەی خۆی وا پەساوو دەدا کە گوایا ئەم کۆمەڵگانە "کۆلتوری جیاواز" و "ئیسلامی" یان هەیە؛ بەلام ڕاستییەکە ئەمەیە کە ئێستە ئێنتباقی بەرژەوەندی سیاسەتەکانی جیهانی ئیمپریالیستی لە گەڵ دواکەوتوویی مەحەلی بە بۆنەی تایبەتمەندیەکانی کارکردی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ واتە دەورانی گلوبالیزاسیونی نئۆلیبرالی، پێویست بووە.

بە ئەم جۆرە ئەمریکا ئیستا دەبێ دەوڵەتی ئاڵترناتیوی خۆی بۆ عێراق لە نێوان کۆمەڵێکی ڕەنگاورەنگ درووست بکات کە بریتیە لە: چەن ڕەوتی ئیسلامی سیاسی شێعە (کە یا پێوەندیان بە دەوڵەتی ئیران هەیە و یا پشتگری ئینتێلیجنت سرویسی بەریتانیایان هەیە)، نوادەکانی بنەماڵەی فەیسەل (کە پشتگری عەرەبستانیان هەیە)، کۆنگێرەی مللی عێراق (کە هێندە مووچەگیری پنتاگۆنن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش وەک هێزێکی سیاسی جدی نایانبینن)، دوو حیزبی کووردی (کە دەمێکە قسە لە داخوازەکانی هیچ بەشێک لە کۆمەڵگای کووردەواری ناکەن و چوون تەنیا بە هێزی دەستەجاتی سەربازی خۆیان ئیمکانی مانەوەیان هەیە، و ئێستە لە گۆڕەپانی سیاسەت، ڕۆڵییان بە شەر کەرانێک کە قشون کرێ دەدەن، هاتەوەتە خوارەوە) و شتانی تری وەکوو ئەمانە. هەر تەرکیبێک لە ئەم کۆمەلە دەبێتە معجوونێک کە نە هیچ جوریک بایەخی سیاسی یەکسانیان هەیە و نە دەتوانن بە دوای هیچ پرۆژەیکی سیاسی یکجۆر بکەون. دەوڵەتی ئاڵترناتیڤ بۆ عێراق بە هەر تێکەڵاوییک لە ئەم کۆمەڵە درووست بکرێت، تەنیا قالبێک دەبێ بۆ چەناکە لێدان، گێروکێشە و ئیمتیازخوازی ئەم گروپ بەرانبەر ئەو گرووپ کە هەمویان زۆر جیاواز لە یەکن. قەیرانی هەمیشەیی لە ئاوا دەوڵەتێک پێش بینی دەکرێت. بەرهەمی ئەم کارەساتە بۆ کۆمەلگای عێراق تەنیا ئەتوانێت دەرزە سکتاریستیەکان قوولتر کات و کۆمەلگا بۆ هەر چی زووتر لە یەک هەلوەشانەوە پاڵ پێ بنێ.

هەڵبەت هیوای ئەمریکا ئەمەیە کە هێزەکانی نێو ئاوا تەرکیبێکی ناجۆر لە ترسی ئەمریکا لە گەڵ یەکتر هاوکاری دەکەن. یا بە واتەیکی باشتر، ئەمریکا سیاسەتەکانی پێویست بۆ ئەم جۆرە دەوڵەتە دیاری دەکات و ئەو کات شێعە بەشدارەکان لە دەوڵەت، ئەرکی کۆنترۆلی جەماوەری زەحمەتکیشی شێعەیان دەبێت، کووردەکانی نێو دەوڵەتیش ئەرکی ئارام هێشتنی جەماوەری هەژاری کوورد دەگرێنە ئەستۆ و بیگرە تا نیهایەت. لە ڕواڵەت دا ئەمە هەمان مۆدێلی سەرکەووتوی لویی جەرگەی ئەفغانیستانە. بە ئاوا تێڕوانینەکە کە کیشەی سەرەکی تەنیا دەبێتە پەیاکردنی حەمیەدکەرزایێک بۆ عێراق. بەڵام ئەم دوورنەمایە چەن مووشکیلەی سەرەکی تێدایە: یەکەم، عێراق هیچ لە ئەفغانیستان ناچێت. هەم بۆ ئەوەی کە هەلومەرجی عێراق لە گێرە وکێشەکانی ناووچە حەساسترە، هەم پەیوەندە سیاسی و ئابووریەکانی عێراق لە گەڵ وڵاتانی ناووچە زۆر دژوارترە. هەم جێ و شوێنی عیراق بە هۆی بوونی نەوتەوە گرنگییکی بە تەواوی جیاوازیی بۆ ئابووری جیهانی هەیە. ئەمانە هەموو دەبنە هۆی ئەوە تا دەوڵەتێ کە لە بلۆکی قەومی و ئائینی پێک هاتەوە بێتە گۆرەپانی ململانێ زۆر نێوان گرووپ بەندیە جۆراوجۆرەکانی چینە باڵادەستەکان کە بریتین لە عەرب، کوورد و تورکمان، یا شێعە و سنی و ئیزەدی. ئەمە دەوڵەتێکی سەقامگیر نیە، حەلقەی گورگەکانە.

دووهەم ئەمەیە کە لە خۆدی ئەفغانیستانیش ئەم مۆدیلە سەرکەوتوو نەبووە. بە پێی گوزاریشتەکان ، درێژەی کاری دەوڵەتی ئەفغانیستان بە هیچ جۆرێک زەمانەتی نیە و ئێحتمالی گۆرانی کەرزای بە شێوازێکی ڕەسمی لە باس دایە. تەنانەت سەرۆکەکانی قەبیلەکانی پەشتوو لە حەمیدکەرزای دلێکی خۆشیان نیە. ئەگەر ئەمرۆ سەرۆکەکانی عەشیرە و قەومە جۆراوجۆرەکان بە ئاشکرایی دژایەتی لە گەل دەوڵەتی ئەفغانیستان ناکەن، بە هووی بوونی هێزە سەربازیەکانی غەرب لە ئەفغانیستان دایە. معیاری خۆ ڕاگرتنی دەوڵەتی ئفغانیستان چوونە دەرەوەی سربازە بیانیەکانە؛ هەر وها کە ئەمرۆ دەیبینین دەوڵەتی کەرزای لە دەرەوەی سنورەکانی کابول، ئۆتوریتەی جدی نیە. و کاروباری ئەفغانیستان تەنیا بە پاڵپشتی هەر ئەو ئۆتۆریتە خاوەن دابونەریتە کۆنە و عەشیرەیی و ئائینی و شەرسالارانەیە کە دەچەرخێ.

کە وایە نە تەنیا سەربازی ئەمریکا لە قوناغی ئاشتی لە عێراق دەمێننەوە، بەڵکو مانەوەیان لە عیراق درێژە دەخایێنیت و بە پێچەوانەی ئەفغانیستان سەربازەکانی ئەمریکا تەنیا لە پایەتەختدا حزووریان نابێت، بەلکو لە سەرانسەری عیراق. ڕێبەرانێ وەکو حیزبە شێعەکان و کووردەکانی هاوکاری ئەمریکا لە بەرانبەر نارەزایەتی بێ چەندوچوونی داهاتوی جەماوەری چەوساوەی عێراق، ، وردە وردە لە بنکەی جەماوەرییان دوور دەکەونەوە. زۆری پەتی لەشکرێ داگیرکەری ئەمریکا دەبێەتە تەنیا زامنی مانەوەی دەوڵەتی داهاتووی عێراق و دەوڵەتی عێراقی ئاڵترناتیڤی ئەمریکا تەنیا گەڵا هەنجیرێک دەبێ بۆ شاردەنەوەی حاکیمی سەربازی ئەمریکا.

4

لە ئاوا بارودۆخێک دا، دژایەتی و ڕاوەستان بەرانبەر داگیرکردنی ئەمەریکا بێ چەنەدوچوونە. کێشە ئەوەیە کە چپ لە هەلومەرجی ئێستەدا چ دەتۆانی بەکات. ئەگرچی لە بشێوەی ئێستەدا وتنی ئەم قسەیە زۆر خۆش بینانە دێەتە بەر چاو، بەڵام بە ڕای من ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە روانگەی شیکارانەوە چەپ شانسێکی باشی هەیە. یان بە زمانێکی روونتر، لە روانگەی عینی یەوە ئالترناتیڤی چەپ شانسێکی باشی هەیە، هەرچەن لە باری زهنیەوە لاوازە (و بەلکو نزیک بە نەبوون). ئەم کارەساتە بە ورد بوونەوە لە چۆنیەتی هێزە سیاسیەکانی حازر لە گۆرەپانی ئەمرۆی عێراق دا دەردەکەوێت.

عیراق بەسەوادترین وڵاتی عەرەبییە و ئێستە زۆربەی زۆری بۆروکراتەکان و بەسەوادەکانی دانیشتوی ئۆروپی و ئەمریکا لە ژێر کارکردی کەش و هەوای دژی سۆسیالیستی غەرب لە دە بیست سالی رابردوودا، لیبراڵن. تەنانەت ئەگر هلشێوانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عیراق لە دوای سەدام، بەرگرێک بۆ لافاوی گەرانەوەی کۆچەرانی عێراقی دانێت، چالاکی ئەم لەشکەرە رۆشنبیرە لیبرالە لە دەرەوەی وەلات بە ئیحتیمالی زۆر، لە سەر جەوی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی عیراق کاریگەری زۆری دەبێت. بەڵام ئەو ئامانجە ئەمپریالیستی یانە و بوونی ئەمەریکا لە عێراق، بەرگری ئەوەیە کە لیبرالیسم بێت بە هێزێکی جدی بۆ دیاری کردنی چارەنوسی سیاسی عێراق. ئەمریکا لە لیبراڵەکان پشتگری ناکات، بەڵام لە لایکی ترەوە لیبراڵەکانیش نە دەتوانن و نە دەیانەوە کە دژایەتی بنەڕەتی لە گەڵ سیاسەتی ئەمریکا بکەن. بە ئەم بۆنەوە رۆڵی لیبراڵەکان وەک هێزێکی کەم کارکرد لە گۆرەپانی سیاسەتی عێراق بە گلەیی کردن لە هەل و مەرجی مەوجوود و دووپات کردنەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵگای خاوەن یاسا و ئازادیە سیاسییەکان دەمێنێتەوە. دەستەجاتی بی ناسنامەی سیاسی وەکوو چەلەبی کە پیاوی ئەمریکان، ناتوانن لە بەشیک لە کۆمەڵگا ریشە داخەن. ئەمانە جیا لە هێندێک بورووکراتی جیرەخۆر و دستەجاتی باند رەش، شتێکی تریان لە گۆرەپانی سیاسەت، نابێت. لە نێو ڕەووتە سیاسیە جدیێەکان، لە کاتی ئەم شەرەدا ناسیۆنالیسمی عەرەب لە عێراق (و لە هەموو ولاتانی عەرەب) دیسان سەری بەرز کردەوەتەوە. بەڵام لانی کەم تا ئێستا وا دێتە بەر چاوو کە هاتنەسەری دووبارەی ناسێونالیسمی عەرەب زۆرتر وڵامێکی هەستدارانە بە دزێوگەری و ملهۆری ئەمریکایە. لە هەر حاڵەت دا ئەوندە روونە کە لە حاڵی حازردا ناسێونالیسمی عەرەب پرۆژەییکی سیاسی خۆگرتەی نیە. ڕەووتە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسیش یەکەم خۆیان بە چەندین و چەنەها گرووپ (و جاری واش دژ بە یەک) دابەش دەبن. دووهەم سەر بەرز کردنەوەی ناسیونالیسمی عەرەب ئەوانی ناچار کرد کە لە پلاتفۆرمی خۆیان زۆرتر بە لایەنی میللی (چ عەرەبی و چ عێراقی) بایخ بدەن. سێهەم ئیستا زۆربەی ئەم ڕەوتانە ئاسۆی بە دەسەلات گەیشتنی خۆیان، ئەگر نە لە هاوکاری یەکجاری لە گەل ئەمریکا، بەڵکۆ لانی کەم لە بە رێ هاتن لە گەل ئەمریکا، دەبینن. دوو پارتی ناسێونالیستی کوورد کە هیچ کاتێک پلاتفورمی خۆیان بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئاسۆیکی بەر پانتر کە بە هێزە پێشکەۆتووخوازەکان لە سەراسەری عێراقدا پال ببەستێ، دانەناوە، ئیستا لە بنەڕەتەوە شوێنی بەرنامەیکی سیاسی دیاری کراو ناگەرێن و تەنیا لە گەل بایا دەخولێنەوە وە لە پشت رووداوەکان هەل دین. ئەم دوو پارتە، چارەنووسی خۆیان بە تەواووی بە سیاسەتی ئەمریکا گرێ داوە و چۆنکو لە هەر شیکارێکی رۆژنامەوانی دەتوانن

ببیسن کە ئەمریکا هیشتا بۆ داهاتووی کۆردەکان لە عێراق، هیچ گەڵاڵەیکی روونی نیە، ئیتر ریگایێک نابینن جیا لە ئەوەی کە هەموو خەم و خفەتی خۆیان بنێنە سەر ڕاکێشانی رەزایەت و خۆ شیرینی بۆ ژنراله یەک ئەستێرە و دەرەجە دارە بێ ئەستێرەکانی لەشکری ئەمریکا لە عێراق.

ئەو ڕەووتە سیاسیانە کە یا بە پێشوازی سیاسەتی ئەمریکا رۆیشتن یا لە بەرانبەر دەسەلاتی ئەمریکا هەست بە ناتەوانی دەکەن، و لە هەر دوو حالەت دا بە دوای ئەوەن کە سیاسەتەکانی خۆیان لە گەل ئامانجەکانی ئەمەریکا هاورەنگ بەکەن، هیچ شانسێکیان بۆ پەرە پێ دانی توانایی سیاسی خۆ بە هێزی گەڵانی خەلک نیە. بە پێچەوانەوە (و خۆشیان دەزانن)، پێشرەووی سیاسی ئەم ڕەوتانە لە پێناووی کامیابی یان لە کۆنتۆرۆلی نارەزایەتی و شۆرەشی خەلکە. داگیرکردن لە لایەن بێگانەوە لە ناوەرۆکەوە ئەوندە دزیوە کە توورەیی و نافرمانی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز هەل دەخرێنە. بەلام گرنگتر لە ئەوە، ئەو ئامانجانەیە کە ئەمریکا لە داگیرکردنی عێراق شوێنیان دەگرێت . لە هەل ومەرجی ئیستەی سەرمایەداری جیهانی (و بە لە بەر چاوو بوونی جێ و شوێنی ئیستەی ئەمەریکا لە ئابووری جیهانی) ئەم ئامانجانە بۆ خەلکی عێراق، رەنجی ئابووری دێنێت. لە ئەم خالەدا دەبی ورد بینەوە.

دەولەتی ئەمریکا بەلێنی باشتر بوونی دۆخی ئابووری بە خەلکی عێراق دەدا. بناغەی هیوای ئەمریکا بە باشتر بوونی بارودۆخی ئابووری بە سەر ئەوەیە کە چون لە هەڵسنگانی باروودۆخی قەدەغەی دوانزە سالە، هەر رادەیێک بەرز بوونەوەی باروودۆخی ئابووری، ئاستی مووچەکانیش بە گشتی دەباتە سەرەوە، بۆیە دەسەڵاتداری ئەمریکا لە چاوو جەماوەری خەلک، کرانەوەیک لە ژیانی ئابوورییان بە ژمێر دێت. لە ئاسۆی ئابووری کە ئەمریکا بۆ داهاتووی عێراق بەلێنی دەدا، رادەی مووچەی تاکەکسی عێراق بێ گومان لە دوای قەدەغەکە دەرواتە سەرەوە و ئاستی مووچەی چینە خوارەکانیش دەرواتە سەرەوە. بەلام ئەم روانگە چەن لاوازی بنەڕەتی هەیە. یەکەم ئەم سیاسەتە ئابوریانە تەنیا کاتێک کە کومەلگا تا رادەیەک سەقامی سیاسی گرتە بێ دێتە دی و سەقامگیری سیاسی هەر وەها کە لە سەرەوە بینیمان کیشەی بنەڕەتی ئەمریکا لە عێراقی دوای سەدامە. دووهەم تەنانەت لە سەر لاپەرەیشەوە، ئاوا ئاسۆیێکی ئابووری ئەنجامیکی بە پێچەوانەی ئەو شتە کە لە بەر چاووی ئەمەریکایە دەبێت. بۆ ئەوەی، تەنانەت ئەگەر وای دابنێن کە بە خولانەوەی چەرخی ئابووری عێراق، ئاستی ژیانی چینە خووارووەکانی عێراق بە پیێ دەورانی قەدەغەی ئابووری بەرز دەبێتەوە، هێشتا راستییەکە ئەوەیە (و ئەزموونیش ئەوە نیشان دەدا) کە جەماوەری خەلک، ئاستی مووچەی ئەمرۆیان لە گەل دۆێنە ناسەنجن، بەلکوو بە ئاستی مووچەی ئەمرۆی هاوسێ و هاوکار و رەئیس و خاوەن کار هەلی دەسەنگێنن. بە زمانێکی دیکەوە، لە ئەوێوە کە جەماوەری خەلک چوونە سەرەوەی سەرووەتی گشتی کۆمەلگا دەبینن، کێشەی گرەنگ بۆ ئەوان بە درووستی رادەی نابەرابەری لە دابەش کردنی سەروەتە. کیشە ئەوەیە کە تەنانەت لە حالەتی گەشەی خێرای ئابووری لە چەن سالی داهاتوودا، دابەش کردنی مووچەکان لە عێراق بە زیانی زەحمتکێشان دەبێت. لە بەر ئەوە کە سیستەمیکی ئابووری کە ئەمەریکا بۆ عێراقی داگیرکراو لە بەر چاویەتی، بناغەی بە سەر مۆدێلی نئولیبرالی بازاری ئازاد و سەرمایەی کەرتی خسوسی دەبێت. و ئەم خالەش لە بەلگەی سیاسەتی ئەمنییەتی ئەمەریکا لە سپتامبەری سالی ڕابردوودا بە روونی نوسراووە. (شایەعەی هەڵوێستی دەولەتی ئەمریکا بە خسوسی کردنی نەوتی عێراق لە لایەن بالۆێزی پێشووی ئەمەریکا لە عەرەبستان دا پشتگیری کراوە). تەنانەت بە فەرزی بەرێ کەۆتنی چەرخی ئابووری عێراق، زیاد بوونی قڵشتی مووچەی چینەکان، ئەنجامی ئاشکرای ئەم مۆدیلە ئابوورییەیە.

لە عێراقی داگیرکراو بە دەس لەشکری ئەمریکا، تەنانەت لە باشترین ئاسۆی ئابووری نئولیبرالی، رێگە بۆ گەشەی چەپ لە کۆمەلگادا ئامادەیە ئەم حەقیقەتە بە قوول بوونە لە سەر چۆنیەتی و چوارچێوەکانی رەۆتە سیاسیەکانی تر، دەردەکەوێت. یا بە زمانی باشتر، لە رۆانگەی جەماوەری زحمەتکێش و چەوساوەی عێراق، کۆمەڵگا ئێستە ئاڵترناتیوی چەپ ئەخوازە.

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هێزێکی چەپ کە نفووزی جەماوەری و ئامادەیی سیاسی پێویستی بۆ ئەم باروودۆخە هەبێت، وجودی نیە. لە هەر حال دا، بۆ پێک هێنانی ئاوا چەپێک تەنیا رێگا خەریک بوون لە گەل ئەرکەکانی چەپ لە هەل و مەرجی ئێستەدایە.

5

ئامانجی سەرەکی چەپی عێراق هەلبەت ئەوەیە کە بەرانبەر سیاسەتە ئەمپریالیستییەکانی ئەمریکا لە عێراق راوەستێت. ئەمرو هەل بژاردەی چەپ ناتۆانێ راوەستانی چەکدارانە بەرانبەر بە داگیرکەریی ئەمریکا بێ (بە پێچەوانەی وێنەیێک وەک وەیەتنام)، خەباتی چەپ بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، ئەمرو ناتوانی لە ئاستی سەربازیێوە بڕواتە پێشوە. ئەگەر عەمەلیاتی خۆکۆشتن، ئەو بەلێنە کە هێندە لە ڕەۆتە ئیسلامییەکان (زۆربەیان غێەرعێراقی) داویانە، بە دی بێت، لە روانگەی سەربازییەوە بێ سەمەرە و لە روانگەی سیاسیشەوە خرابکارانەیە. کاریگەرترین جۆری ڕاوەستان بەرانبەر بە بوونی ئەرتەشی ئەمریکا لە عێراق، ڕاوەستانە بەرانبەر بە ئەو ئامانجە سیاسیێانەیە کە بوونی سەربازی ئەمریکا خزمەتیان پێ دەکات. ئالترناتیوی چەپ ئەبێ لە درووست بوون و زال بوونی هێزی سیاسی دلخوازی ئەمەریکا لە عێراق بەرگری بکات. لە هەل و مەرجی ئێستەدا کە ڕێژیمی سەدام رووخاوە و بنچینەی دەزگای دەۆلەت هەل وەشاوەتەوە، چەپ دەبێ هەول بدا تا ئۆرگانی هێزی راستەووخۆی جەماوەری خەلک رێک بخات و ئەم کارە بکات بە ئالترناتیڤی پراکتیکی لە بەرانبەر هەولی ئەمریکا و هێزە سیاسیەکان لە گۆرەپانی عێراق، بۆ پێکهێنانی دەولەتی نوێ. ئەرکی تاکتیکی چەپ، بە هەر ناو و درۆشمێ کە دیاری بەکرێت، لە ناوەرۆکی خۆی دا دەبێ چاودێری "رێک خستێنی دامەزراوەکانی هێزی راستەوخۆی گەلی خەلک" بێت.

ئاشکرایە کە ئاوا تاکتیکێک دژی سیاسەتی ئەم قۆناغەی ئەمەریکا لە عێراقدایە. سیاسەتی ئەم قۆناغەی ئەمریکا ئەوەیە کە حاکمێکی سەربازی ئەمریکا بە سەر عێراقدا دانێت (غارەت لە شارەکان بە شوێن رووخانی سەدام کە لەشکری ئەمریکایش پی ناخۆش نەبوو، قەرارە ریگا بو حاکمیەتی سەربازی ئەمریکا خۆش بکات.) ئەمەریکا لە نێوماوەدا ناچار دەبێت کە دەولەتێکی هەمیشەیی پێک بێنێت و سەربەخویی سیاسی بە عێراق هەلّ بگەرێنێتەوە. بەلام هەر وەها کە لە گەڵالە دراوەکان لە لایەن کاربەدەستانی جۆراوجۆری ئەمریکا دەردەکەوێت، فاسێلەی نێوان دانانی حاکمێکی سەربازی ئەمریکا تا پێک هینانی دەولەتی هەمیشەیی عێراق ئەوندەیە کە ئەم فاسەلەیە قەرار وایە بە ئەنواعی کۆنسەی راوێژکاری عێراقی پڕبێتەوە (جا لە ژێر ناوی "شەورای بەرێوەبردنی عێراق"، "ئوتوریتەی عێراقی"، " دەولەتی موەقەت" یا هەر ناوێکی تر). هەموو جورەکانی ئەم کۆنسە راوێژکارێانە بە شێوەیکی رەسمی دەرۆنە ژێر ئوتەریتەی حاکمی سەربازی ئەمریکا. بەلّام بە پێک هێنانی دەولەتی هەمیشەیی عێراق دەورەی دەسەڵاتداری راستەوخۆی ئەمریکا کوتایی پی دێت. هەر وەها کە لە سەرەوە باسی کرا، دەوڵەتی هەمیشەیی عێراق یەکگرتویی و سەقامگیریی پێویستی نابێت، ئاوا دەوڵەتێک تەنیا شانسی بۆ مانەوە ئەوەیە کە لەشکری ئەمریکا لە عێراق بمێنێتەوە، بەلام لە پراتیکدا دەسەڵاتی سیاسی هەر بە دەست سەرانی سربازی ئەمریکا دەبێت. (هێندە شیکار بەم بروایەن کە لە نێوماوەدا مۆمکینە ئامریکا بنکەی هەمیشەیی یا درێژماوە لە عێراق دامەزرێنێ و بە بیانووی ئەم بنکانە لەشکری ئەمریکا درێژە بە داگیری کردنی عێراق بدات)

گەڵالەیێکی دیکە بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ نخشەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێری کێشەی عێراقی دوای سەدام بکات و بەریوەبردنی عێراق بدرێتە دەست ئورگانی دەست نیشانکراوی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەم گەڵاڵەیە لە ناوەڕۆکی خۆی دا جیا لە ئیدامەی ململانی هێندە لە دەۆلەتە گۆرە ئۆرووپییەکان لە گەل ئەمریکا لە شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی و بە تایبەت ململانی لە ئاسیای نێوەراست، شتێکی دیکەی نیە. لە ئاوا گەڵاڵەیەک چەپ لە عێراق (و چەپ لە ئاستی نێونەتەوەیی) نابی پشتگری بکات. جگە لە ئەمەش ریکخراوەی

نەتەوەیەکگرتووەکان خۆی ئۆرگانیکی نادۆمۆکراتیک لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەییە. بە تایبەت لە بارودۆخی ئێستە، مەبەستی دەوڵەتانی گۆرەی ئۆرووپیی وەکو فرانسە لە ئاوا گەڵاڵەیک، جوبران کردنەوەی تا رادەیێکی ئەو ئمتیازەیە کە ئەمریکا بە بەرێوەبردنی شەر بە دەسی هێناوە. تەنانەت ئەگەر لە دۆخێکی زۆر نامۆمکنیش وای دانێن کە ئەم گەڵاڵە بە دی بێت، بە هۆی هاوکێشەیی دەسەلاتی راستەقینە لە نێوان دەولەتە ئەمپریالیستەکان، ماناکەی لە راستی دا تەنانەت ئەوە نیە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق برونە دەرەوە و لە جیاتی ئەوان هێزەکانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بێن؛ بەڵکو تەنیا مەجبور کردنی ئەمریکا بۆ ئەوەیە کە لە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڵگە بۆ بوونی هێزە سەربازیەکانی لە عێراق وەربگرێت. و یا لە باشتیرین دۆخ دا هاتنی هێزە سەربازیەکانی چەن وڵاتی ئورووپیی و عەرەب لە پەنای لەشکری ئەمریکایە. هەڵسووداکەۆتی بەرچاوی ئەم گەڵاڵەیە، لە پراتیک دا سیاسەتە ئەمپریالیستیەکانی لەشکری ئەمریکا لە عێراق، بی کارکرد ناکات و لە هەلومەرجی ئێستەدا مەرجێ بۆ خونیشاندانی سیاسی جەماوەری خەلکی عێراق ناکاتەوە. کە وایە هیچ سەبەبی بۆ پشتگری چەپ لە گەڵاڵەیێک لە ئەم چەشنە نامێنێتەوە.

چوونەدەرەوەی هێزی داگیرکەری ئەمریکا لە عێراق بی گومان داخوازێکی دۆرووستە بەلام وەک دۆرۆشمی تاکتیکی قوناغی ئێستا بۆ چەپ لە عێراق، ناتەواوە. ناسیونالیسمی عەرەب و تا رادەیێک هەموو دەوڵەتەکانی عەرەبیش ئەم دورۆشمەیان هەیە. مەبەستی دەوڵەتە عەرەبەکان هەڵبەت لە ئەم هەڵۆێستە لە سەرەتای خۆی دا ئەوەیە کە گۆشاری بیروڕای گشتی وەڵاتانی خۆیان بێ کارکرد بکەنەوە. بەڵام بۆ ناسیونالیسمی عەرەب لە راستی دا هەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی عەرەبی لە عێراق لە سەر کار بێت، بەسە. لە ژێر گۆشاری هەر ئەم ناسیونالیسمەیە کە هێندە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقیش کە لە پەلاماری ئەمریکا بۆ عێراق پشتگریان کردەوە (وەکو مجلیسی ئەعلای ئیسلامی) ئێستە ئەم داخوازیەیان هەیە کە لەشکری ئەمریکا لە عێراق بڕۆاتە دەرەوە. کە وایە یا فریوکاری دەکەن و هەڵۆێستیان ئەوەیە کە لە لای بیروڕای گشتی جیهانی عەرەب زۆرتر لە ئەمە بی نرخ نەبن؛ و یا خویان لە قامەتی دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەبینن و دورۆشمی "چوونەدەرەوەی ئەمریکا" بۆیان هاوسەنگی دورۆشمی "دەولەتی خۆدی من"ە. وزەی چەپ لە هەر ئەو کاتە کە سەرفی راوەستان بەرانبەر داگیرکردنی سەربازی ئەمریکا دەبێت، دەبی بتوانێ بەرگری لە لە سەرکارهاتنی دەولەتانێک وەکو مەجلێسی ئەعلا وە چەلەبی و ... تاد بکات. کە وایە چەپ ناتوانێت تەنیا داواکاری چوونەدەرەوەی خێرای ئەرتەشی ئەمریکا بێت، بەڵکوو دەبی خێراش خەریکی رێک خستنی هێزی راستەوخۆی جەماوەر بێت. ئالترناتیڤی کاریگەرانەی چەپ رێک خستنی "ئورگانی دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەر" بەرانبەر بە دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکا و دەوڵەتی عێراقی دەس نیشانکراوی پێک هاتوو لە ئوپۆزیسیونی دواکەوتوو و هاوکاری ئەمریکا.

ئەمرۆ گرنگترین ئەرک بۆ چەپ لە عێراق ئەوەیە کە ئورگانی دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری خەڵک، لە ئاستی گەرەک، شار، لە شوێنی ئیش، لە دایرە و کارخانە، (ئەنجۆمەن، شەورا، ریکخراوە، میلیس، ...) درووست بکات. ئەم ئورگانانە لە سەرەتای خۆی دا، فۆرمێکی پێشەکی یان هەیە بەلام لە هەمان کات دا بنەمای دەوڵەتی ئالترناتیڤی چەپن. لە هەموو ئال و گۆرەکانی گەورەی کومەلایەتی لە دوو چەرخەی رابردوو دا، لە شۆرش بیگرە تا شەر، لە وێشکسالی تا کوێرەوەری تەبیعی، هەر کاتیک کومەڵگا روبەرووی دوو ریگەی مەرگ و ژیان بووە، هەرکاتیک هێزی دەوڵەتی لە یەک هەڵوەشاوەتەوە، جەماوەری خەلکی زەحمەتکیش بە هێزی فانتازی خۆیان هەوڵیان داوە تا بە رێک خستنی ژیانی کومەڵایەتی، خۆیان لە باروودۆخی قەیران رزگار بکەن. سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان ئەم ئەزموونە مێژوویانە دەناسن. ئەمرو لە عێراقیش ئەرکی سۆسیالیستەکان هەوڵ دان بو بە کار هێنانی خەڵاقانەی ئەم ئەزموونانە لە هەل و مەرجی قەیرانی و دژواری ئێستەیە. وەێنە مێژوویەکانی ئاوا هەوڵ دانێک بۆ هەموو سۆسیالیستەکان ناسراوە و من نامەوی دووپاتیان

کەمەوە، تەنیا بە چەن لایەنی برجەستەی ئەم ئەزموونە مێژووییانە بە کوورتی پێ دا دەگرم کە لە هەل و مەرجی ئەمرۆی عێراق، گرنگی تایبەتیان هیە.

یەکەم ئەوەی کە ئەم ئۆرگانانە گشتین، واتە دەبێ هەموو خەڵکانی گەرەک یا شار یا کارکەرانی دایرە یا کارخانە بگرێتە بەر خۆ. لە هەل و مەرجی ئەمرۆی عێراق دا زۆر گرنگە کە ئەم ئۆرگانانە، ئامرازی ڕیکخراووی زەحمەتکێشان بێت جیاواز لە جنس و قەوم و نەتەوە و مەزهبیان. بۆ زاڵ بوون بە سەر سکتاریسمی حیزبە قەومی و مەزهەبییەکان، تەنیا ڕێگا درووست کردنی پێوەندی لە خوارەوە نێوان زحمەتکیشانی بەشە جۆراوجۆرەکانی قەومی و مەزهەبی کۆمەڵگای عێراقە. هیچ ڕادەیێک لە ڕۆشنگەری، بە بێ ئاوا پراکتیکێکی ماددی کاریگەری نابێت.

دووهەم ئەوەی کە بە هەر ڕادەیێک کە ئەم ئۆرگانانە درووست دەبن، دەبێ هەوڵ بدرێت تا هەموو کاروباری کۆمەڵگا لە چوارچێوەی خۆی دا، بکەوێتە دەستی ئەم ئۆرگانانە. پێویستە کە بوترە کە مانای بە دەستەوە گرتنی کاروبار ئەوە نیە کە ئەم ئۆرگانانە تەنیا بکرین بە قۆڵی ئێجرایی. ئەم ئۆرگانانە دەبێ وەک ئورگانی بریاردەر لە جی و شۆینی خۆیان کار بەکەن. ئەگەر لە هەلو مەرجی ئەمرۆی عێراق دا، بە ئۆتۆریتەی ئەم ئورگانانە پێ دانگیرێت و چونکو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق، لە یەک هەڵ وەشاوەتەوە، ئەم مەترسییە هەیە کە ئاوا ئورگانانێک ببن بە قۆلی ئێجرایی بۆ لەشکری داگیرکەری ئەمریکا یا NGO نێونەتەوەییەکان. سێیەم ئەوەیە کە ئەم ئۆرگانانە پۆستی ڕێبەرایەتیان نیە؛ ئەۆ کەسانەی کە لە لایەن ئەم ئۆرگانانەوە ئەرکیان بە شانەوەیە، تەنیا نوێنەری ئەم ئورگانانەن و هەر کاتێکیش جەماوەری ڕیکخراو لە ئەم ئورگانانە بیان هەوێت، دەتوانن نوێنەری خۆیان بگۆڕێن یان بەڵینەکانیان ژێر پێ بێنێن. دووپات کردنەوەی ئەم شتە سەرەکییە لە هەل و مەرجی ئێستای عێراق گرنگە چونکو لە هەلومەرجی ئێستەدا حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە ڕەنگاورەنگەکانی هاوکاری ئاشکرا و شەرمگینی ئەمریکا، هەموویان ڕیکخراون و بۆیە ئەم مەترسیە هەیە کە کادرەکانی ئەم حیزبانە لە ئەم ئورگانانەدا دەس خەنە سەر پۆستی ڕێبەرایەتی و ریاست و ئەم ئۆرگانانە بۆ سیاسەتەکانی خۆیان بە کار بهێنن.

6

لەم کاتەدا چەپ لە عێراق لاوازتر لە ئەوەیە کە بتوانێ خێرا لە سەر چەندوچوونی سیاسی کاریگەری هەبێت، بەلام بچووکترین پێشرەوی چەپ لە کۆمەڵگای عێراق، خێرا بە شۆێن خۆی هاوپشتی گەورەی نێونەتەوەیی هەل دەخرێنێ و بە ڕەۆتێکی تساعۆدی لە عێراق هێز دەگرێت. بزووتنەوەی بەرفراوانی جیهانی دژی شەر کە لە 15 مانگی فێوریەی رابردوو کە خۆپێنیشاندانە ملێۆنییکەێ لە سەرانسەری جیهان بیندرا، بە پێچەوانەی پروپاگاندای میدیاکانی لایەنگری شەر، ئاوو نەبوە و نەرۆیشتەتە دەلی زەویوەوە. تەنیا ئەوندە بەسە کە چەپ لە عێراق خۆی بنۆێنە تا بزووتنەوەی دژی شەر بە هەموو هێزەوە سەر بەرز کاتەوە و گۆشاری ئەو، سیاسەتی ئەمریکا بگۆڕێت. کاریگەری پێکهێنانی چەپێکی کۆمەڵایەتی لە عێراق بە خۆدی عێراقەوە نابستریتەوە و بەرینتر لە جیهانی عەرەب و ناوچەی ئاسیای ناوەراست، لە ئاستێکی جیهانی دا کاریگەری خۆی بە جێ دێلێت. ئەگەر گلۆبالیزاسیون بوو بە هۆی ئەوە کە ململانێ ئەمپریالیستی سەر لە ئەفغانستان و عێراق دەر بێنێ، هەر ئەو گلۆبالیزاسیونە ئەبێتە هۆی ئەوە کە بەرز بوونەوەی چەپ لە عێراقیش دا بە سەر سیاسەتی جیهانی کاریگەری خۆی دابنێت. ئەگەر چەپ لە عێراق بتوانێ تا ڕادەیێک هێزی ڕاستەوخۆی خەلک بێنێتە مەیدان، ئەم ئاسویە نادرووست نیە کە هێزی هاوپشتی جیهانی لە هەنگاوە ئەوەڵینەکانی خۆی بتوانی تۆنی بلر لە بریتانیا بکیشێتە خوارەوە. ئەگەر کاروبار لە عێراقی داگیرکراو بە داخوازی ئەمریکا نەچەرخێ، تەنانەت نامومکین نیە کە جۆرج بوشی کۆر لە هەڵ بژاردنی سالی 2004 بە چارەنوسی باوکی دووچار بێت. ئەنترناسیونالیسم هەرگیز تەنیا پرەنسیبێکی ئەخلاقی نەبوە بەڵام لە سەرەتای چەرخی بیست و یەکەم دا، ئەنترناسیونالیسم بووەتە تەوسیفی عینی ڕاستی پەیوەندی دولایەنەی خەباتی زەحمەتکیشان و چەوساوەکانی جیهان.

83 سال له مەو بەر، له مانگی مەی 1920 کاتێ هەوالی قەتعی بوونی سەرپەرەستێ بریتانیا بە سەر عێراق لە کۆنفرانسی سن رمۆ بە خەلکی عێراق گەییشت، ئەوەی کە مێژونوسان بە "شۆرشی گەورەی عێراق" (الثورة العراقیه الکبری) ناویان لێ بردەوه، بە ماوەی سێ مانگ هێزه سەربازیەکانی ئیمپراتوری بریتانیای زەمینگیر کرد. دەولەتێ بریتانیا بە پەلە لە هێند هێزی سەربازی بەرەو عێراق نارد و تەنیا بە بۆمباردمانی هەوایی (کە نویترین تکنولوژیای شەری ئەو سەردەمە بوو) توانی شۆرش سەرکۆت کات. بە واتەی مێژونووسان، "شۆرشی گەورەی عێراق" یەکەمین هەول بوو بۆ پڕکردنەوەی قلشتی عەشیرەیی و مەزهەبییەکان لە عێراق، هەر وەها عێراقییەکانی لە یەک بزووتنەوە یەک پارچەدا یێکگرتوو کرد و دەچو تا یەک دەولەت و میلەتی مۆدرن لە سەر بنەمای داخوازی ئازادی و سەربەخویی لە ئیستیعمارگەران پێک بێنێت. ئەم جارش لە بەرانبەری دەسەلات خوازی ئەمپریالیسمی ئەمریکا ریگای ئازادی خەلکی عێراق هەروەها لە یەک " شۆرشی گەورەی عێراق" دەروات و پێش مەرجی شۆرشی گەورەی عێراقی لە سەرەتای چەرخی بیست و یەکەم، ئەم جارەش سەرکەوتن بە سەر قلشتە مەزهەبی و قەومی یەکانە.

16 ئاوریلی 2003

نوسەر: ایرج آذرین

وەرگێر: شیدا م.

ژێرنوس:

-1 ایرج آذرین، "تئور ی برا ی جنگ، تئور ی برا ی مقاومت" بارو 16، بهمن 1381 ؛ سودابه مهاجر، دربارە "جنگ پیشگیرانه" آمریکا علیه انقلاب عرا ق، بارو 14 و 15، آذر و د ی 1381؛ سودابه مهاجر، "جهان یک سال پس از 11 سپتامبر"، بارو 10 و 11، مرداد و شهریور 1381؛ "تقسیم دوبارە جهان آغاز میشود"، بارو 4 و 5، بهمن و اسفند 1380

-2 بۆ لصکۆلینةوة ي زۆرتر ئةم خالة بروانن: ایرج آذرین " 11 سپتامبر و نظم نوین امپریالیستی"، بارو 1، آبان 1380، ص 7-6

-3 بروانة بةشي شةشةمي بةلَطةي "استراتذی امنیت ملی ایالات متحده امریکا" (سپتامبر 2002) در سایت اینترنتی کاخ سفید:

www.whitehouse.gov/nsc/nss.html

www.kurdistannet.org